# دڵـــــەڕاوکـــێ

نووسینی: * دێچۆل ئازاد
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێروان خدر

جیهان بریتییە لە دڵەڕاوکێ،
لاپەڕەکانی مێژوو وا دەڵێن.
لەبارەی خواو،
ئەرکەکانیشیەوە،
هەر شتێک ئەوان بیڵێن ڕاستییە،
تۆش باوەڕ دەکەی!

ئێمە چین!

کاتەکانی ژیان لەناو گێژاو بە فیڕۆدەدەین،
وا هەست دەکەین ڕۆژێک دادێ برینەکانمان سارێژ دەبن!
باوەڕمان دەکرد هەرگیز دارستانەکانمان نامرن!
پەنجەکانیشمان لە هاوار و قیژە دەکەون،
سوژدەش بۆ ئەو تاکە خەونە دەبەین!

لە بیر مەکە – بژی!

دوێنێ بوو، ئەوان لەبارەی سبەی
بەڵێنیان بە تۆدا،
کە ئەو دەریایە
لەژێر ئەستێرە گوومبووەکان،
تا ئەبەد سەما دەکا!

ئۆهههه ! تۆش خەوتبووی!

ئەو پیاوەی دوێنێ خەمەکانی ئێمەی لە ئەستۆ گرتبوو،
سەربوردەکانی ئێمەی لەبارەی چارەنووسمان
دەگێڕایەوە.
ئەمڕۆ پشتی تێکردووین!
چیدی ئێمە لە ئەستۆی خۆی ناگرێ!

ئەی جیهان! تۆ خەبەرداری!

2007–05–31

* قوتابی لە زانکۆی ڤیکتۆریا بۆ یاسا، لە شاری مێلبۆرن- ئوستراليا.